www.kurdistannet.org
06/07/2003 21:15

# حیزبی سەردەم و سەردەمی حیزب

هێمن هەورامی

ئێستا، لەم قۆناغە نوێیەدا، وردتر قسەلەسەر کایەی حیزبایەتی دەکرێ، بەوەش کۆی قسەکان بەو ئاراستەیەدان، کەئەو حیزبانەی‌لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا هەن، بەگەورەو بچوکیانەوە، لەبەردەم قۆناغێکدان، کە تەواو جیاوازە، چونکە لەلایەك کایەی سیاسی‌و کارتێکەرەکانی، ویست‌و چاوەڕەوانیەکانی جەماوەرو سایکۆلۆژیای هاوڵاتی، لەم قۆناغەدا بەدیوێکی دیکەدا کەوتوونەتەوە. دەشتوانین، ئەوە چڕ بکەینەوە، کەلەدوای ٩ی ئەپرێڵەوە، ئەگەر حیزبە سیاسیەکان لەبەرامبەر واقعی دیکتاتۆریدا، خەباتیان بۆ گۆڕان لەسەرەوە بوو بێت، ئەوا ئیدی لەو ساتە وەختە بەدواوە، حیزبە سیاسیەکان لەبەردەم ئەرکی گۆڕاندان لەبنکەوە. بەوپێیەی کە کایەیی سیاسی وڵات، ئەو کایەیە کۆی پێکهێنەرەکانی پەیوەستن بەژیان‌و گوزەرانی هاوڵاتیان‌و بەخەون‌و خەیاڵ‌و ویست‌و داخوازیەکانیشیانەوە، لەبەر ئەوە گەمەکەرەکانی ئەو کایەیەش، ڕاستەوخۆ پەیوەستن بەهاوڵاتیانەوە، لەبەر ئەوە بۆ هێنانەدی دیالۆگێکی دروست‌و هەڵسەنگاندنی واقیعیانە، گەرەکە تێکڕای گەمە کەرەکان بەگشتی‌و حیزب بەتایبەتی، بخرێنە بەردەم گفتوگۆو هەڵسەنگاندنێکەوە، تادواجار پێکەوە بەتێڕوانینێکی ڕوونەوە، کار بۆهەر چی زیاتر ساغلەم کردنی کایەی سیاسی وڵاتی خۆمان بکەین.

ئەوەی لەکایەی حیزبایەتی وڵاتی ئێمەدا پێویستیان بەگۆڕانی بنەڕەتی هەیە، ئەوتێڕوانینەیە کە بۆ حیزب‌و وەزیفەی حیزب‌و کاری حیزبایەتی‌یە واتە هەڵوەشانەوەی سەر لەبەری ئەو تێڕوانینە سەقەتانەی کە (حیزب) دەکەنە موقەدەسێك‌و هەر جۆرە ڕەخنەو خستنەبەر باس‌و لێکۆڵینەوەیەکی کردارو باوەڕو تێڕوانینەکانی حیزب، بەجۆرێك لەکوفری سیاسی‌و نەتەوەیی دانراوە، ئەم تێڕوانینە لەحیزبێکەوە بۆ حیزبێکی دیکە جیاوازەو لەناو حیزبێکیشدا، بەهەمان شێوە لایەنگران‌و دژەکانی ئەم تێڕوانینانەش جیاوازن. دەکرێ لەمەو دوا کارلەسەر ڕاستکردنەوەی ئەو تێڕوانینە بکەین، کە (حیزب) دامەزراوەیەکی بان نەتەوەو بان کۆمەڵگابێت، واتە دەبێ

مانای ڕاستەقینە بگەڕێنینەوە بۆ (حیزب) بەوەی کە ( حیزب) گەمەکەرێکی کایەی سیاسی ناو کۆمەڵگایەو بەوەش لەپاڵ دامەزراوەکانی دیکەدا، بەشێکە لەکۆمەڵگاو لەسەروو کۆمەڵگاوەنیە، کەئەو کارەش جێگەی خۆی گرت، ئەو کات چیدی حیزب خەون‌و خەیاڵەکانی دەبنە بەشێك لەو خەون‌و خەیاڵانەی کۆمەڵگا کەچاوەڕێی هێنانە ئارای ژیانێکی ،باشترو خۆشگوزەرانترو پێشکەوتووترو ئارامتر دەکەن‌و ڕێك لێرەوە ئیتر خەونەکانی حیزب گەورەترنین لە خەونەکانی کۆمەڵگا، لێرەوە ململانێ ئیتر لەسەر ئەوە دەبێت، کەکام حیزب خەون بەرنامەو کرداری باشترو زیاتر بەو ئاراستەیەدا بێت کەوەڵامگۆی زۆرترین داخوازیەکانی تاکە تاکی کۆمەڵگابێت‌و بەوەش ململانێیەکان ئەو سروشتە وەردەگرن کەعەلی وەردی وێنای دەکات‌و پێی وایە ململانێی تەندروست وەك دووقاچی مرۆڤ وەهان، کەلەئەنجامی ململانێی زۆر تر پێشکەوتندا، جەستەی مرۆڤەکە زیاتر دەبەنە پێشەوە، واتە دەبێ کارمان بەو ئاراستەیەبێت، کەحیزبەکان ئەگەر بەو قاچانە بشوبهێنین کە عەلی وەردی باسیان دەکات‌و بەهۆی ململانێی تەندروستی ئەوانەوە، کۆمەڵگا وەپێش دەکەوێت. لێرەدا، (حیزب) لەم سەردەمە نوێیەدا، ناتوانێ بەو ئاراستەیەدا هەنگاو بنێ، ئەگەر هێشتا کاربەپرەنسیپی (عقل التێمری) بکات. لەم هەلو مەرجە نوێیەدا، ئەوەی زیاتر پێویستە ) کرانەوە) و (شەفافیەت) و (دیالۆگە) لەکایەی حیزبی‌و ململانێی سیاسی وڵاتی ئێمەدا، واتە کرانەوەو شەفاف بوونی حیزبەکانە بەڕووی کۆمەڵگاداو هەمیشە لەدیالۆگ بوونە لەگەڵ کایە جیاجیاکانی دیکەی کۆمەڵگادا. بۆ ئەوەش (حیزب) دەبێ لەخۆیەوە دەست پێ بکات‌و دیالۆگێکی ناوخۆیی‌و کرانەوەو شەفاف بوونێك لەناوخودی خۆیەوە دەست

پێ بکات، تاوەکو ئەو هەرێم‌و هێزانەی کەشف بکات، کەهێشتا لەڕۆحی گۆڕان تێنەگەشتوون‌و نایانەوێت زمانی دیالۆگ تاکە زمانی ململانێیەکان بیـت، واتە حیزب پێویستە بەر لەوەی بانگەشە بۆ ئەو بەرنامەو فکرانەی بکات کە دەیەوێت بەهۆیانەوە گرەو لەسەر باشتر کردنی ڕەوشی کۆمەڵگا بکات، پێویستی بەوەیە بەسەر لەبەری خۆیدا بچێتەوەو قبوڵی بێت، کەگۆڕان لەخۆیەوە دەست پێ

www.kurdistannet.org
06/07/2003 21:15

بکاتو ئازابێت لەکەشف کردنی ئەو ئاستەنگە ناوخۆیانەی کەماناکانی حیزبیان شێواندو کایەی حیزبیان رووشاند. بەو جۆرە، ئەوکات دەکرێ کار بۆ ئەوەبکرێ، کەبەردەوام دیالۆگ لەنێوان (حیزب) و کایەکانی دیکەی کۆمەڵگادا هەبێت، چونکە چیتر کۆمەڵگا توانای قبوڵ کردنی لایەنێکیءنیە، کەئامادەنەبێت گوێی لێ بگریو گفتوگۆی لەگەڵ بکات. ڕەنگە، لەو پرۆسەی دیالۆگەدا، کۆمەڵێ ئاستەنگ هەن، کەنادیدەگرتنیان هەموو جۆرە دیالۆگێك مەحکوم دەکەن بە شکست. یەك لەو ئاستەنگانە، بڕیاری پێش وەختە، واتە ناکرێ ئێمە خوازیاری گفتوگۆو دیالۆگ بیت؟، بەڵام پێش دەستپێکی دیالۆگ، بڕیاری ڕەتکردنەوەی بەرامبەرەکەم دابێتو ئامادەنەبم (بوونی) بەرامبەرم پێ قبوڵ بێت واتە ناکرێ (حیزب) بەو بڕیاری پێش وەختانەوە بڕواتە ناو دیالۆگ لەگەڵ کۆمەڵگادا ،کەتێڕوانینو بۆچوونەکانی حیزب، تاقە تێڕوانینو بۆچوون، کەخۆشگوزەرانی کۆمەڵگای لێ بکەوێتەوەو بڕیاری دابێت، هەر دەبێت ئەو بۆچوونو تێڕوانینانە کارنامەی کایەی سیاسی کۆمەڵگا پێك بهێنن، بەهەمان شێوە، ناکرێ کایە جیاجیاکانی کۆمەڵگا بەهەمان شێوەی بڕیاری پێش وەخت بچنە دیالۆگێکەوە، کەکایەی حیزبی بوون ڕەتبکاتەوەو پێی وابێت، مادام ئەوکایەیە بە (حیزب) ناو دەبرێت، کەواتە ناشێت دیالۆگی لەگەڵ بکرێت. بەهەمان شێوە ئاستەنگی دیکە ئەو وێنەو وێنا پێش وەختانەن کەحیزبو کایە جیاجیاکانی کۆمەڵگا بۆ یەکتری دادەتاشن، واتە ناکرێ حیزب بەوێنایەکەوە بیەوێت دیالۆگ لەگەڵ کۆمەڵگادا بکات، کەخاوێنترینو بێگەردترین کایەی ناوکۆمەڵگایە کە، ئەوانی دیکەی لێوان لێوان لەشکستو نوشستیو هیچ لەبارا نەبوون. بەهەمان شێوە ناکرێت کۆمەڵگا ئەو وێنایەی لابێت کە (حیزب) وێناو واتای گرووپێك بێت، کەجگە لەبازرگانی بەقوتی خەڵکەوە، هیچی دیکە نەبن ئاستەنگی دیکە نەبوونی ئەوهۆشیاریە سیاسیەیە، کە پێویستە بۆ بەردەوامیدان، بەو ڕەوتەی کەهەمووان خەمی گەورەیان خزمەتی کۆمەڵگابێت وهەموو شتێك بەگوێرەی رۆڵ و وەزیفەی خۆی لێی بڕوانرێت، یان بەدەربڕینێکی دیکە نەبوونی ئەوهۆشیاریە سیاسیەی کەئەو تەعبیرە توربداتە دەرەوە کەپێی وایە (یان خۆم یان هیچ کەس) کلیلی ململانێیەکان بێت.

لێرەوە، ئەوە هەڵدەهێنجێنین، کەقۆناغی ئێستا قۆناغی ڕاستەقینەی خەباتی سیاسیو ململانێی سیاسیە، کەبەهیچ کلۆجێك ئەو قەناعەتو تێڕوانینو کردارە حیزبیانەی ڕابردوو ڕەنگە جێگەیەکی ئەو تۆی لەم سەردەمە نوێیە نەبێتەوە، بۆیە ساغ کردنەوەی کایەی حیزبی وهەرچی زیاتر ئەستورکردنی باسکی ململانێیە دیموکراتیەکانو فراوانترکردنی پانتایی (کرانەوە) و (شەفافیەت) و (دیالۆگ) ، لەو ئەزموونە تالانە دوورمان دەخاتەوە، کەکۆمەڵگای ئێمە گیرۆدەی بووە.

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org